# اللَّهُمَّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَجْمَعُ أَوْ تَبْعَثُ عِبَادَكَ

له حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە بخەوێت، دەستی دەخستە ژێر سەری، پاشان دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَجْمَعُ أَوْ تَبْعَثُ عِبَادَكَ». «واتە: خودایە؛ لە سزای خۆت بمپارێزە لەو ڕۆژەی بەندەکانت کۆ دەکەیتەوە یان زیندوو دەکەیتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بیویستایە لە شوێنی خۆی بخەوێت، دەستی ڕاستی ڕادەخست ودەیخستە ژێر گۆنای ڕاستی، ودەیفەرموو: «اللَّهُمَّ:خودایە»؛ پەروەردگارم، «قِنِي:بمپارێزە»؛ ودوورم بخەرەوە لە، «عَذَابَكَ:سزای خۆت»؛ ئازاردانت، «يَوْمَ تَجْمَعُ أَوْ تَبْعَثُ عِبَادَكَ:لەو ڕۆژەی بەندەکانت کۆ دەکەیتەوە یان زیندوو دەکەیتەوە»؛ بۆ لێپرسینەوە لە ڕۆژی قیامەتدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6167

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee